# بۆکۆڤسکی,شاعیری هەمیشە سەرخۆش



**عومەر جەلال**



چارلز بۆکۆڤسکی لە 21 ی ئۆگۆستی ساڵی 1924 دا لە ئەڵمانیا لە دایک بوو ,باوکی چارلز ئەمریکی و دایکیشی ئەڵمانیی بووە.
باوکی بۆکۆڤسکی سەربازێکی ئەمریکی بووە لە هێزەکانی ئەمریکا کە لەدوای کۆتایی هێنانی جەنگی یەکەمی جیهانی روو لەئەڵمانیا دەکات و لەوێ هیچ پەیوەندییەکی خۆشەویستی نەبووە لەنێوان باوک و دایکیان, بەڵکو بە بێ هیچ خۆشەویستییەک زەماوەندییان کردووە ,لە ساڵی 1927دا دەگەڕێنەوە ئەمریکا, منداڵیی بۆکۆڤسکی لێوان لێو بووە لەژیانێکی ئازاراویی , بەهۆی ئازاردانی لە لایەن باوکییەوە ,هەروەها باوکی ڕێگربووە لەوەی بۆکۆڤسکی تێکەڵ بێت لەگەڵ منداڵانی گەڕەکەکەیان.
باوکی رۆڵێکی ناشرینی بینیووە بەرابەر بە ژیانی بۆکۆڤسکی,بەڵام دایکی ئافرەتێکی گەلێک بێدەنگبوو,
تەنانەت دایکی هیچ دەستەڵاتێکی نەبووە بەرابەر بەو شەڕ و ناخۆشییەی بۆکۆڤسکی و باوکی,
باوکی بۆکۆڤسکی تووشی ژیانێکی ناخۆش دەبێت بەهۆی شکستهێنانی لەکارکردن لەئەنجامی قەیرانی بۆرسەوە کەلەساڵی بیستەکانی سەدەی رابوردوودا روویدا.

بۆکۆڤسکی منداڵیی خۆی لە چیرۆکی (مەرگی باوک) وێنا دەکات و باوکی وەک باوکێکی دڵرەق و توڕە دەناسێنێت.لەدیمانەیەکی رۆژنامەنووسیدا کە لە ساڵی 1982 دا باس لە سەرەتای چۆنیەتی خوێندنەوەی بەم شێوەیە دەکات (کە منداڵبووم لایتێکی دەستی چکۆلانەم دەبردە ژێر جێگاکەمەوە,هەر لەو شوێنەدا کەشێکی خنکاوو گەرمابوو,بەڵام تا زیاتر بە پەرەی نوێ بگەیشتمایە ,وەک ئەوە وابوو مادە هۆشبەرەکان بخۆمەوە).
بۆیەکەم جار لەتەمەنی 10 ساڵیدا هەست بەهێزێکی گەورە دەکات بۆ نووسین,بەتایبەت پارچەیەک داڕشتن دەنووسێت لە قوتابخانە کەباس لەسەردانی سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا دەکات بۆ شارەکەیان,ئەمە وادەکات

بۆکۆڤسکی داهێنانی چکۆلانە بکات لە خەیاڵیدا, هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی باوکی ڕێگای چوونە دەرەوەی لێدەگرێت بۆ بینینی سەرۆک,هەر ئەم ڕووداوەی کەلەدوایدا بۆکۆڤسکی بەهۆکاری گەورەی پاڵنەری نووسینی دەزانێت و بەرووداوێکی گەورەی دەزانێت لەژیانیدا,دڵنیا دەبێتەوە لە وشەکانی و خەیاڵی کە دەتوانێت ببێتە هۆی سەرسامی و سەرنجی کەسانی دەور و پشتی.
لەدوای پێنج ساڵ بەهۆی نەخۆشییەوە ڕووخساری تووشی ناشرینییەک دەبێت و ئیدی تا مردنی
ئەم ناشرینییە لەڕووخساری نابێتەوە,وەلێ بۆکۆڤسکی لەناخەوە کەسێکی تر دەبێت, هەر ئەمەش وای لێدەکات کە کچان قێز لە ڕووخساری بکەنەوە و وەڵامی پەیوەندییەکانی نەدەنەوە بەهۆی ڕووخسارە ناشرینەکەی .
یەکێکی تر لەو خەمە گەورانەی لە تەمەنی هەرزەکاریدا ڕوو دەدات ئێوارەیەکی درەنگ دەڕواتەوە بەو هۆیەوە باوکی لێدانێکی زۆری لێدەدات و ئەویش دەکەوێتە گیانی باوکی و یەکتری دەگەوزێنن, ئیدی لێرەوە هەست بە چەوساندنەوەی تەواوەتی دەکات لە لایەن باوکییەوە ,دواتر لەتەمەنی بیست ساڵیدا پەیوەندی بە زانکۆوە دەکات و هەوڵی خوێندنی ڕۆژنامەنووسی دەدات بەڵام دوای دوو ساڵ زانکۆش بەجێدەهێڵێ ودایکی وباوکیشی بەجێدەهێڵێ هەتا کارێک دەدۆزێتەوە,
بۆ پەیداکردنی کرێی ژوورێک لە هۆتێلێک و بەتایبەت هەوڵی بەدەستهێنانی پێداویستییە سەرەکییەکانی وەک خواردن و خواردنەوە دەدات.ڕەگێکی شێتیی لەم شاعیرەدا بەدیدەکرێت و تەنانەت لەکۆڕە شیعرییەکانیدا, جارێکیان لەکۆڕێکدا دەکەوێتە هاوار هاوار و دەڵێت (پارە و ڕۆحتانم بدەنێ ) و جگە لەوەش جارێکیان بۆ بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی لە فەرەنسا کە (بێرنار بیڤۆ) پێشەکشی دەکرد ,بۆکۆڤسکی زۆر دەخواتەوە,بەرنامەکە ڕاستەوخۆ دەبێت و شوشەیەک دەدات بەسەر کەسێکدا و دواتر پێشکەشکاری بەرنامەکە وەڕس دەبێت و کۆتایی بە بەرنامەکە دێنێت, ئەمە لە کاتێکدایە کە خوێنەری فەرەنسی ئەوەیان بەلاوە سەیربوو لەو شاعیرە ئەمریکییە بوەشێتەوە لەکاتێکدا خودی پێشکەشکاری بەرنامەکە پێی وتبوو کە بۆکۆڤسکی ئاساییە ئەگەر بخواتەوە بەڵام نەیزانی بەو شێوەیە دۆخەکە دەشێوێت.
بۆکۆڤسکی هەر خۆی وادەنووسێت (من نووسەرێکی خراپم,هەندێ جار نووسەرە خراپەکان ڕاستی دەبێژن)
بۆکۆڤسکی ژیانێکی سادە ژیاوە و هەمیشە وەک کەسێکی مەست و شێت ناسراوە و ژیانی هەمیشە لە دۆخێکی دەروونی خراپدا بوو.
ژیانی بۆکۆڤسکی بەسەر سێ قۆناغدا پێناسە دەکرێت(خواردنەوە و هاوڕێتیی و نووسین) ,هەرچۆنێک بێت دەتوانێت ژوورێک بگرێت بەکرێ لە هۆتێلێکی سادە وهەمیشە لەکەڵ کەسانی مەست و کەسانی سەرشەقامەکان ژیان دەباتە سەر ,زۆرێک لە ئافرەتە سۆزانییەکان هاوڕێتی دەکەن .
لەو کاتەدا بۆکۆڤسکی دەست دەکات بە نووسینی کورتە چیرۆک و پتر گرنگی دەدات بەبوارەکانی نەبوونییو مەستی و هیچگەرایی,بەزۆری بۆ گۆڤارە ئەدەبییەکانی ئەوسای دەنێرێت و بەوشێوەی کە خۆی ئارەزووی دەکات.لەتەمەنی 25 ساڵیدا دەبێتە پیاوە هیچگەراکەو هەمیشە بەسەرخۆشییەوە ژیان دەباتە سەر.
جارێکیان دەنووسێت (من نووسەرێکم بەدوای کەمێک کات و هەندێک خواردن دەگەڕێم ) لەم دێڕەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەم نووسەرە خەمی ڕۆژانەی لە خواردن و خواردنەوە تێناپەڕێت و بۆ ئێستا دەژێت و بڕوای بە بوونی ئایندە نەبووەو لەهەوڵی پەیداکردنی بژێوی ڕۆژێکی ئاساییدابووە و تا بتوانێت بەمەستیی لەنێو نووسیندا بنوێت.

ئەم شاعیرە بە شاعیرێکی هیچگەراو تەنیا ناسراوبوو,هەر ئەوخەونەی نووسینی وای لێکرد سەفەر بەرەو (نیویۆرک) بکات و هەر بۆماوەی یەک ساڵ دەمێنێتەوەو بەلأم تووشی دۆخێکی دەروونی خراپ دەبێت لە خەمۆکی و وەڕسیی لە ژیان,کە هەوڵی خۆکوشتن دەدات و دواتر دەگەڕێتەوە بۆ (لۆس ئەنجلۆس) .
هەر لەو ماوەیەدا شەوێک بەسەرخۆشی و خەمۆکییەوە دەچێتە دەرەوەو چاوی بەئافرەتێک دەکەوێت بەنێوی (جین کۆنی بیکییر ) کەبەتەمەن دە ساڵ لە بۆکۆڤسکی گەورەتر دەبێت ئەم پەیوەندییە پتر لە دە ساڵ دەخایەنێت و ژیانێکی ئازاراویی و سەرخۆشیی و بێئاگایی دەبەنە سەر,هەر لەتەمەنی 32 ساڵیدا کارێک دەدۆزێتەوە لەکاری پۆستکردن لە (لۆس ئەنجلۆس) ,ئەم کارە دەبێتە هۆی هاوسەنگکردنی و دوور کەوتنەوەی لەکۆمەڵێک ئازاری دەروونی ئەو شوێنە ترسناکەی تێیدا دەژیا,هەرچەندە ئەم هاوسەنگی و کارە درێژە ناکێشێت و ناچار دەگەڕێتەوە سەر نووسین,دیسانەوە بۆ گۆڤارە ئەدەبییەکان بەزمانێکی سادە دەنووسێت و بەردەوام دەبێت,کەواتا ژیانی ئەو دە ساڵەی لە نێوان نووسین و کار و خواردنەوەی بەردەوامدا بەسەر دەبات,هەر لەتەمەنی35 ساڵیدا یەکەمین کۆمەڵە شیعری خۆی بڵاودەکاتەوە .
بۆ کۆڤسکی بەدەیان کاری کردووە هەر لە چێشتخانەکان و شۆفێری ئۆتۆمبێلی گەورە تا فەرمانبەر لە پۆستدا لە نووسینگەیەک ,هەر ئەم هەموو کارکردنەی  بوو وای لێ دەکات کە تووشی نەخۆشی دەروونی دەبێت و جارێکیان لە نامەیەکیدا کەلە ساڵی 1969 دا بۆ هاوڕێی (کارڵ فیسنەر ) دەنووسێت (دوو هەڵبژاردنم بۆ هەیە ,یان دەمێنمەوە لە نووسینگەیپۆست تا تووشی شێتبوون دەبم ,یان دەنووسم هەتا بە برسێتی دەمرم).
هەر لەوکاتەدا بەهۆی بڵاوکردنەوەی نووسینەکانی لە رۆژنامەکانداو گۆڤارێکی ئەدەبیی لە (سانفرانسیسکۆ) داوای گۆشەیەکی هەفتانەی لێدەکات بۆیانی بنووسێت , ئەمیش بەهۆی زمانی ناسکیو داهێنەرانەی پتر دەناسرێت و دەنگدانەوەی باشی دەبێت ,هەر لەلایەن  بڵاوکەرەوەی کتێبەکەیەوە هانی بۆکۆڤسکی دەدرێت ئەو وتارانەی بکرێتە کتێب و ئیدی ناوبانگی گەورە دەبێت و زیاتر دەناسرێت, ئەوەی کە بۆکۆڤسکی پێی دەناسرێت وەک شاعیرێکی درەنگ وەخت پێدەگات بەلأم زووتر دەناسرێت ,جگە لەوەش لەتەمەنی 40 ساڵیدا تووشی نەخۆشییەکی ترسناک دەبێت و چەند هەفتەیەک لە نەخۆشخانە دەمێنێتەوە و هەمیشە هەست دەکات تارماییەکانی مردن لێوەی نزیکەو دەورەی داوە ,بەلأم دکتۆرەکان داوای لێدەکەن بەقەدەغەکردنی لە خواردنەوە بەلأم بەدەرچوونی لە نەخۆشخانە یەکسەر دەست دەکاتەوە بەخواردنەوەو مەستییەکی بەردەوام.
هەر لەو ماوەیەدا کتێبەکانی وەردەگێڕدرێنە زمانە زیندووەکانی وەک فەرەنسی و ئەڵمانی ,لێرەوە ناوبانگی بۆکۆڤسکی بەجیهاندا بڵاودەبێتەوە بەلأم ئەوەی کە ژیانی  گۆڕی پرۆسەی هاوسەرێتیی بوو لە یەکێک لە خوێنەرە باشەکانی شیعرەکانی بەنێوی (لیندا ) کە ئەم ئافرەتە هاوسەنگیی باشی بۆ دەگەڕێنێتەوە ,ئیدی تەمەنی خۆی دادەنێت بۆ نووسین و بڵاوکردنەوە هەتا لەتەمەنی 74 ساڵیدا دەمرێت و لەدوای خۆی پتر لە 45 کتێب بەجێدەهێڵێت لە بوارەکانی شیعر و رۆمان و کورتە چیرۆک.ئیدی ئەم شاعیرە لەدەیەی حەفتاکانی سەدەی رابوردوودا  بەتەواوەتی دەناسرێت لە (فەرەنسا و ئەلمَانیا و ئیتالیا و ئیسپانیا......تد) کە بەهۆی وەرگێڕانی نووسینەکانیەوە بووە ,لەکاتێکدا لە ئەمریکا بەو شێوەیە نەناسرابوو بە بواری رەخنە و دامەزراوە ئەدەبییەکاندا ,هەر وەک خۆی دەیگێڕێتەوە کە (گەلی ئەوروپی زۆرتر کراوەترن لەسەر سەر کێشی و رێگای گوزارشتی نوێ ).
ئەم شاعیرە زۆربەی شیعرەکانی لە هۆتێلە هەرزانەکان و شوینی ئیشکردن و تەنانەت نوسینگەی پۆست و بارەکانی کردووە شوێنی نووسینی وەک یەکێک لەو شاعیرانە ناسرابوو کە بەرهەمێکی زۆری بڵاودەکردەوە

و دەنووسی کە پتر لە هەزاران قەسیدە و سەدان کورتە چیرۆک و شەش رۆمانی بڵاوکردووەتەوە ویەکەمین بەرهەمیشیعریی لەتەمەنی درەنگدا بڵاوکردەوە لەساڵی 1959دا بەنێوی (گوڵ,لێدان,و دیواری بۆهیمیی),ساڵی 1962دا کتێبی(قەسیدە درێژەکان بۆ یاریکەرە بێ پارەکان) و هەر لەو ساڵەدا (وێنەکان و قەسیدەکان )ی بڵاودەکاتەوە تا دەگاتە  ئەوەی لە ساڵی 1973 دا کتێبی (سوتان لە ئاودا ,خنکان لە ئاگردا) و دواتر لە ساڵی 1977دا ( کتێبی شیعریی (خۆشەویستی سەگێکە لە دۆزەخ ) ئیدی لەو رەوتە بەردەوام دەبێت لە بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی  تا ساڵی 1992 , دوا کتێبی شیعریی بڵاودەکاتەوە بەنێوی (قەسیدەکانی دواین شەوی سەر زەوی ),جگە لەمانەچەندین کتێبی دیکەی بڵاودەبێتەوە لەشێوەی نامەی هەڵبژێردراو.



جارێکیان لە دێڕە شیعرێکیدا دەنووسێت (من بێ مۆراڵم تا سەر ئێسقان), ئەم شاعیرە یەکێکە لەو شاعیرانەی کە شیعرەکانی پێکهاتەیە لە هەڵگەڕانەوە بە کۆمەڵگەی ئەمریکی و بەهای ئەخلاقیی,تا دەگا رەخنە لە ئایین و سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵایەتیی ,سەرخۆشیی و سێکس.
ئەم شاعیرە پێی وایە (ئەوە رووداوە گەورەکان نییە مرۆ پاڵ دەنا بەرەو نەخۆشخانەکانی دەروونیی,نەمردنە,و نەتاوان و نەدزیی و نە ئاگرکەوتنەوە ونەلافاو,بەڵکو ئەو  ئازارە چکۆلەکان و کەڵکەڵە بەردەوامەکانە مرۆ دەروخێنێت و دەینرێتە کەناری شێتیی.)

omerjelal@yahoo.com

ژێدەر:
جریده السفیر -
مجله(النزوی) -
www.jehat.com -

*لەهەفتەنامەی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ ژمارە (692) ی 15-7-2010 بڵاوبووەتەوە